کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:08 27-4-2007

## تۆپێک لە ساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردی بۆڕێکخەرانی ڤێستیڤاڵەکەی هەولێری وەزارەتی وەرزش و لاوان... ؟؟!! کەوگەز چۆمانی

ئێمەی گەنج هەمیشە چاوەڕوانین تاوەکو وەك گەنجێك چاومان لێ ببڕن و ڕێز لەمافی گەنجایەتیمان بگیرێت، لێرەدا من دەمەوێت بچمە ناو ئەسلی بابەتەکەم ئەویش خەڵات کردنی چەند ڕۆژنامە نووسێکی گەنج لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وە، لەو مەراسیمەدا کە وەزارەتی وەرزش و لاوان لەشاری هەولێربە بۆنەی (109) یادی ڕۆژنامەگەری کوردی رێکی خستبوو، تیایدا ژمارەیەکی دیاریکراو لەرۆژنامە نووسە گەنجەکان خەڵاتکران وەك باشترین ڕۆژنامە نووسی گەنج، من سەرەتا بەش بەحالی خۆم وەك گە نجێکی ڕۆژنامە نووس بەبی هیچ ترسێك بە کاکی وەزیر دەڵێم: لەژیانما قبوڵی کەسێکم نیە لە جیلی (محەمەد عبدلوەهاب) ی مولەحین بێت و نوێنەرایەتی من وەك گەنجێك بکات لە وەزارتێکی قەزاو قەدەر. ناشترسێم چونکە من وەك گەنجێك خۆم لەوانە شی پی نیشتماپەروەرترە کە هەر ڕۆژەو لە سەرپە تکێکن و چەپلە لەپشتەوە لێدەدەن تا دوو دینار بچێتە گیفانیا. کاتێکیش وەزارەتەکەم لەلا قەزاو قەدەر نابێت ئەگەر هەرچی بەرێو بەرو کەسانی باڵاو



کارمەندانی وەزارەتی وەرزش و لاوان بەوەزیرەکەشەوە گەنج بوون و پاشان نوێنەرایە تی من وسەدان گەنجی وەك من بکات و گیفانی خۆیان لەسەر حیسابی من و ئەو گەنجە بەستەزمانانەی لە سەر شەقامی باتەو ئەسواق سیروان و بازاری ئیسکان وشەقامی سەهۆلە کە پرنەکەن. وەزیرێکم دەوێت بچێت لەکێشەو موعاناتی ئەو گەنجانە بکۆڵێتەوە کە دەرچوی زانکۆن و بە لێخورینی تەکسی و شاگردی چێشتخانەکان ژیان دەگوزەرێنن و سەد سەڵاوەت لێئەدەن تاوەکو سەرەمانگان ئەو پارەیەیی کە دەیێتە دەستیان بەشی قەرزە کانیان بکات. نەك وەزیرێك پێبخاتە سەر پێ و بەیانی تا ئێوارە لەپێشوازی میوانە پیرەکان دابێت وبیرو تێروانینی بۆ جیهانی چوارەم بچێت و کەچی ئەو جیهان لەسەر (مەریخیش) بونی نەبێت و هەرچی پرۆژەیەك ئاراستەی بکرێت ووڵامی ئەوەبێت: بریارە لەداهاتوودا ئەنجامی بدین.. ! کەچی خەریکە ئەم کابینەیە ی حکومەت تەواو دەبێت وتاوەکو ئێستا هیچپیشمان بە چاوی خۆمان نەبینی.. ! بەرێز وەزیری وەرزش و لاوان بۆیە ش وا بریندارم لە نوسینەکەم و ئەمەی خستمە سەر کاغەز نائومێدیەکە کە لە دلی سەدان گەنجی ئەم وولاتە پەنگی خواردۆتەوە ئەوەشی بۆت دەنووسم بۆچوونی خۆمە و پارێزەری هیچ گەنجێکیش نیم هەرگەنجێك دەیەوێت رخنە بگرێت لەوەزارەتەکەت دەتوانی وەك من بیخاتە سەر کاغەز، نەشم زانی کە وەزارەتە شۆخ و شەنگەکەتان پرۆژەی خەڵا تکردنی باشترین ڕۆژنامە نووسی لاوی لەبەردەستدایە. !؟ تائەو کاتەی لە شاشەی سەتەلایەتی کوردستان بینیم کەراستەو خۆ ئەو کەنالە گواستبویەوە! پێشم خۆشە پێت ڕابگەینم کە من بە خەڵاتکردنی ئەورۆژنامە نووسانە خەسلە تنیم! بەڵام چەند ڕۆژنامە نووسێکی لێدەر بچێت کەبە پەنجەی دەست دەژمێردرێن من ئەوەی تری بەناعە دالەت دەزانم و گوناهیشە لە سالیادی ڕۆژنامەگەری کوردی بەو شێوەیە وەزارەتێك بانگە شەی نوێنەرایەتی کردنی گەنجان بکات کەچی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-4-2007 23:08

خەلکانێکی نزیک لەخۆیان خەلاتبکات بە (ناونیشانێك) لەسەر حیسابی کۆمەلێك ڕۆژنامەنووسی گەنج کە ئەیانەوێت هەموو ژیانی خۆیان لەپێناو خەزمەتکردن بە ڕۆژنامە گەری کوردی تەرخان بکەن، ئەورۆژگارەش بە سەرچوو تەقلە بە عەقلی ئێمەی گەنج لێبدرێتەوە و ناعەدالەتی ببینین و زەقەی چا ویشمان بێت و دەنگیش نەکەین! بەلام ڕێکخەرانی ئەو فێستیڤالە دلنیا دەکەمەوە کە هەزاران ناعەدالەتی وا ساردم ناکاتەوە لەسەر درێژەدانم بەخەزمەتکردنی خاك ونیشتیمانەکەم لەرێگای نووسین و خەزمەت گەیاندن بە پەیامی ڕۆژنامەگەری کوردی و گەیاندنی ڕاستیەکان وەك خۆی و دلنیاش بن ئەگەر (مەرەکەبی) پێنوسەکەم نەما، وەك گەنجێك بەخوێنی جەستەم ئەنووسم تامانی دواین دلۆپەی خوێن لەجەستەم لەخەزمەتی گەل و خاکە پیرۆزەکەم دادەبم ... !!!.

kawgaz_chomane@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.